# لەرۆژی جیهانی عەشقدا لاوانی کوردستان ڕەشبینن:

**گەنجێك: حەزدەکەم لەرۆژی خۆشەویستیدا گەنجانی کورد ڕێپێوان بکەن و داوای ئازادکردنی خۆشەویستی بکەن.**

## ڕاپۆرت:ئاسۆ

لەسەرانسەری دنیادا رۆژی چواردەی شوبات جەژنی ئەشقە، ئەو ژنەی بەناوی قەشە ڤالانتاین ناونراوە کاتێك کە دەسەلاتی قەیسەر بڕیاری ئەوەیدا کە هەموو مارە بڕینێك لە کەنیسەکاندا قەدەغە بکرێت قەشە ڤالانتاین دژی ئەم بڕیارە وەستایەوە و لەنێو کەنیسەدا ئاشقانی لەیەکدی مارە دەکرد، دەسەلاتی قەیسەر لەسەر ئەم هەلوێستە ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆری قەشە ڤالانتاین دەدەن و سەرەنجامیش لەرۆژی 269/2/14 زایینی لەسێدارەی دەدەن، ئەو رۆژە بۆ ئاشقانی ڕۆما ناوی جەژنی لێنرا کە هەر بەناوی قەشە ڤالانتاینەوە ناونرا، لەکۆتاییدا ئەم رۆژە بووە جەژنێکی جیهانی بۆ سەرجەم ئاشقانی دنیا، لەمرۆژەدا هەموو عاشقانی جیهان دیاریی پێشکەش بەخۆشەویستەکانیان دەکەن، ئەوانەی یەکدیان زویرکردووە ئاشت دەبنەوە، ئەوانەی لەیەکتر دابڕاون دەگەڕێنەوە بۆ ئامێزی یەکدی.



لەولاتی خۆمان ئەم جەژنە زۆر بەساردیی و بێبایەخ بەڕێدەکرێت لەبەرئەوەی دەسەلات پێویستی بەم جەژنە نییە و بەرژەوەندیی سیاسی و خێلەکی خۆی تیادا نابینێتەوە، بارودۆخی کولتوریی کۆمەلگەش وایکردووە کە هەموو لەئاست پیرۆزیی و گرنگی ئەم جەژنە خۆیان بێدەنگ بکەن.

لەکوردستاندا چەندین جەژن و بۆنەی حیزبی و سیاسی و ئاینی و نەتەوەیی هەیە کە ئەم بۆنانە لەکەنالەکانی راگەیاندندا بایەخی پێدەدرێت و دەکرێنە پشووی ڕەسمی، بەلام بەپێچەوانەوە رۆژی جەژنی ئاشقان بەهێمنی و بێدەنگی بەڕێکراوە، ئێستاش بەشێکی زۆری لاوانی کوردستان نازانن چ رۆژێك جەژنی ئاشقانە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە تاوەکو ئێستا خۆشەویستی لەولاتی ئێمەدا یاساغە و کۆمەلگە بەتوندیی بەگژ خۆشەویستیدا چۆتەوە و ڕێگر بووە لەبەردەم پەیوەندیی نێوان کوڕان و کچان، لەم بارودۆخەی ئێستادا کە کۆمەلی کوردەواریی بەبارودۆخێکی دژواردا تێدەپەڕێت و لاوانی کوردستان لەژیانێکی دژواردان، نەبوونی خزمەتگوزاریی و نەبوونی پێداویستییەکانی تر لاوانی تووشی هەراسانی و بێ ئومێدیی کردووە، زۆر لەلام گرنگ بوو لە رۆژی خۆشەویستیدا لەرێگەی ئەم ڕاپۆرتەوە رای چەندین لاو لەسەر جەژنی ئەشق وەربگرم لە سەرەتادا بەو پرسیارە دەستمپێکرد کە ئایا تاچەند لاوانی ئێمە ئازادن کە خۆشەویست بۆ خۆیان هەلبژێرن و کۆمەلگەش چەند ڕێگرە لەبەردەم ئاشقاندا؟.

شیرین محسین وتی: ڤالانتاین لەولاتی ئێمەدا یادی ناکرێتەوە، لەبەرئەوەی خۆشەویستی لە ولاتی ئێمەدا نەماوە، ئەوەی ئێستا هەیە بەرژەوەندییە من تەحەدا دەکەم کە بەشی زۆری گەنجی ئەم ولاتە نازانن ڤالانتاین لەکامە رۆژدایە.

خەرمان سلێمان وتی: رۆژی خۆشەویستی لەولاتی ئێمەدا نییە، لەبەرئەوەی لای ئێمە خۆشەویستی حەرامە، ئەگەر کەسێکت خۆشبوێت تووشی سەد سەرئێشە دەبیت، بەلام لەڕاگەیاندن و رۆژنامەو تەلەفزیۆنەکاندا دەیانەوێت بەزۆر بیکەن بەجەژن.

کۆچەر محەمەد وتی: رۆژی خۆشەویستی رۆژێکی گەورەیە، بەس لەولاتی ئێمەدا خۆشەویستی تۆراوە، ئەگەر قەیسەر لەو دەمەدا مارەکردنی کچ و کوڕی قەدەغەکردو قەشەیەك بوو بە فریادڕەسی ئەو گەنجانە، خۆ ئێستا لەلاوتی ئێمە ئەزمەی خانووە و گەندەلی و ژیانێکی ناخۆش ڕێگرە لەبەردەم خۆشەویستی و بەیەکگەیشتنی خۆشەویستی، من لەو باوەڕەشدا نیم قەشە ڤالانتاینێکی تر ببێتە فریشتەو لەولاتی ئێمەدا دەرکەوێت.

خەندە سەباح دەلێ: من کوڕێکم خۆشدەوێت و دوو سالە بەیەکەوەین، زۆر یەکترمان خۆش دەوێت، ئەگەر کەسوکارەکەم بزانن ئەوا گۆشتاو گۆشت سەرم دەبڕم، لەولاتی ئێمە کو لتوور بۆتە قەیسەر و ڕێگرە لەبەردەم خۆشەویستی، دەبێت ڤالانتاینێکی گەورەمان هەبێت بۆ ئەوەی رزگارمان بکات لەم دۆخە.

ژیان ئەحمەد وتی: لای ئێمە خۆشەویستی یاساغە پێم بلێ چ مالێك، چ باوکێك، چ برایەك ڕێگە بەکچەکەیان دەدەن خۆشەویستی بکات، حەقە لەرۆژی خۆشەویستیدا رۆشنبیر و رۆژنامەنووسەکان قسە لەسەر ئەو دۆخە بکەن، باس لەو جەهەنمە بکەن کە بۆ کچان

دروستکراوە لەم وڵاتەدا، دەبێت رۆشنبیرانی ئێمە کاربەدەستانی ئێمە وەك قەشە ڤالانتاین ئازایانە خۆشەویستی لەم دیلێتییە ئازاد بکەن چونکە ئێستا خۆشەویستی لەوڵاتی ئێمە قاچاخەو لەشوێنە پەنهانەکاندا دەبینرێت.

*لەکۆمەڵگەی کوردیدا خۆشەویستی و ژیانی ئازادانە تەنیا بۆ پیاوانە، کولتوورو دەسەڵاتی پیاو سالاریی ئازادیی ژنان و مافەکانیانی زەوتکردووە، ئەوەی ئێستا لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەبینرێت کچانی وڵاتەکەمان بەشێوەیەکی نهێنی و پڕ لەترس و لەزر بڕیاری خۆشەویستی دەدەن، دەتوانین بڵێین ئەم بڕیارەی کچان جۆرێکە لە موجازەفە، دەبێت کوڕان لەرۆژی ڤالانتایندا چ قسەیەکیان هەبێت؟:

هەڵگورد محەمەد وتی: رێگریی زۆرە لەبەردەم خۆشەویستیدا، ئەگەر بۆ کچان کولتوور و دابونەریت رێگر بێت، ئەوا ئێمەش وەك کوڕان خۆشەویستمان نابێت، جگە لەوەش کوڕانی کوردستان لەڕووی ئابوورییەوە هەژارن، ئەگەر خۆشەویستیان هەبێت ناتوانن بەخۆشەویستەکانیان بگەن.

لوقمان کەریم وتی: ئەگەر کچان کولتوورو کەسوکاریان رێگر بێت لەبەردەمیاندا، ئێمەی کوڕانیش لەدەیان ڕووەوە رێگریمان هەیە، چونکە لە وڵاتێکداین ژیانی تێدا نەماوە، خۆشەویستیش لەژیاندا بوونی هەیە.

یەك جێگا نییە کچ و کوڕێك ڕووی تێبکەن، تا ئێستاش لەم وڵاتەی ئێمە جێگەیەك نەکراوەتە بۆ کوڕان و کچان وەك کافتریاو دیسکۆ، ئیتر خۆشەویستی و یادکردنەوەی جەژنی خۆشەویستی حەق نییە لەم وڵاتەدا هەبێت، چونکە خۆشەویستی لەکۆمەڵگەی ئێمە قاچاغەو رێزی لێناگیرێت، دەبیٚ ئەم یادە کاتێك بکرێتەوە کە خۆشەویستی ئازاد کرابێت.

سۆران عەلی وتی: حەزم لەیادکردنەوە نییە، هەستدەکەم هەموو یادکردنەوەکان تەنیا بۆ ڕاگەیاندنە ئاخر کوا لەوڵاتێکی ئێمەدا خۆشەویستی ئازادکراوە، بۆیە حەز دەکەم لەرۆژی خۆشەویستیدا گەنجان رێپێوان بکەن و داوای ئازادکردنی خۆشەویستی بکەن و سلاویش بنێرن بۆ قەشە ڤالانتاین.

لەسالانی هەشتاکان کاتێك بۆنەی نیشتمانی دەبوو خەڵکی بە ئاهەنگ یادی نەدەکردەوە و لەبەرئەوەی نیشتمانەکە دیل بوو، بەڵکو بەرێپێوان و وتاف دژی دەسەلاتی داگیرکەر دەوەستانەوە و داوای ئازادکردنی نیشتمانیان دەکرد، بۆیە ڕێپێوان بۆ ئازاد کردنی خۆشەویستی باشترە لە شتی تەرفیهی.

سەنگەر فەتاح وتی: سەرەتا پیرۆزبایی خۆم بۆ خۆشەویستەکەم دەنێرم، من داواکارم کە لە رۆژی خۆشەویستیدا حکومەت و رۆشنبیران قسە لەسەر رێگرییەکانی بەردەم خۆشەویستی بکەن و لەرۆژی خۆشەویستیدا ژیانی گەنجان باشبکەن، دیسکۆو سەنتەرو کافتریای نویٚ بۆ گەنجان بکەنەوە نەك بە مایکێکەوە بێنە بەردەم گەنجان و بڵێن چ پەیامێك بۆ خۆشەویستەکەت دەنێریت، حەقە ڕاگەیاندنەکان گەنجان کۆبکەنەوە لەگەڵ کاربەدەستاندا، لەگەڵ رۆشنبیراندا بکەونە گفتوگۆ بۆ باس کردنی کێشەکان و چارەسەرکردنیان، ئەوە بەسودترە.

*کۆمەڵگەی کوردیی تا ئێستا بەدەست دەیان کێشە و گرفتەوە دەناڵێنێت، نەبوونی عەدالەتی کۆمەلایەتی و نەبوونی خزمەتگوزاریی و دابونەریتی دواکەوتووانە و چەوساندنەوەی ژنان لەلایەن کۆمەڵگەی لاوانی ئەم وڵاتەی تووشی نائومێدیی و ڕەشبینی کردووە، زۆرێك لەو لاوانەی کە چوومە لایان هەر ئامادەنەبوون قسەبکەن، وەك خۆیان وتیان گەنجان لە کوردستاندا مافەکانیان پێشێل کراوە ژیانیان بۆتە دۆزەخ، هەروەها وتیان خۆشەویستی بەگیرفانی بەتاڵ و دنیایەك رێگرییەوە ناکرێت، بۆیە زۆربەی ئەو لاوانەی پێیان وتم باوەڕمان بەخۆشەویستی نەماوە و ئامادەش نین یادی ئەم رۆژە بکەنەوە لەبەرئەوەی لەم وڵاتەدا عەشق بەراستی بوونی نییە.